رۆژنامەی تایبەتمەندو
ئەزموونی ساڵی یەکەمی بڵاوکراوەی(ئاسۆی کتێبخانە)

یاسین قادر بەرزنجی

رۆژنامە تایبەتمەندەکان، هەر بەناوەکەیاندا لەگەڵ رۆژنامە گشتییەکاندا جودا دەبنەوە"رۆژنامە تایبەتمەندەکان سنووری بایەخیان تەنیا تایبەتمەند دەبێت بەو بوارەوە کە کاری تێدا دەکەن."[1]

دیارە تایبەتمەندیی لە راگەیاندندا، لەهەر کەناڵێکی راگەیاندندا بێ بەرۆژنامەشەوە؛ گەیاندنی بابەتو زانیاریی تایبەتە بەجەماوەرێکی تایبەتمەند.

رۆژنامە، کە بڵاوکراوەیەکی چاپکراوەو لەماوەیەکی دیاریکراودا دابەشدەکرێت، پێکهاتووە لە هەواڵو وتارو بیروڕاو دیدارو ریپۆرتاژو لێکۆڵینەوەو هەمەڕەنگو ریکلامو..تاد.

لەکاتێکدا کە رۆژنامەیەك تایبەتمەند بێت ئەوا خەسڵەتی ئەو تایبەتمەندییە بەلاپەڕەو بابەتەکانیەوە بەڕوونی خۆ دەنوێنێ. دەتوانین هۆکاری سەرهەڵدانو گەشەکردنی رۆژنامە تایبەتمەندەکان لەم خاڵانەدا دیاری بکەین:

١- دابەشبوونی کار: کە لەدوای شۆڕشی پیشەسازییەوە کار زیادی کردوەو ئاڕاستەی جیاواز بووەتە پێویستی.

٢- فراوانبوونی مەعریفە: بەهۆی زۆربوونی زانیارییەوەو بۆ جیاکردنەوەی زانیارییەکان لەیەکتر تایبەتمەندێتی بووەتە واقیع.

٣- فراوانبوونی جوگرافی.

٤- فراوانبوونی ئاستی خوێندەواری.

٥- گەشەکردنو دەوڵەمەندبوونی سەرجەم بوارەکان.

٦- زۆربوونی پێداویستی تویژی خوێنەرانو سوودمەندان.

جەماوەری تایبەتمەندیی ئەو جۆرە راگەیاندنەش بەهۆی ئەم خاڵانەوە پێوانەیان بۆ دەکرێت:

(چەندێتی، جۆرایەتی، پلەی گونجاندن، شوێنی ئامادەبوون، شارەزایی پەیوەندیکردن، رەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن، هەڵوێستو ئاستی مادی)[2].

رۆژنامەگەریی تایبەتمەند خەسڵەتی خۆی هەیە، کارکردن لەبواریکی تایبەتدا واتە شارەزابوونو پسپۆڕی پەیداکردنە لەو بابەتە تایبەتەدا.

رۆژنامەگەریی لەدوێنێو ئەمڕۆدا، ستەم بووە هەر هەموو جەماوەر بەزمانێکی تایبەتو بە بابەتی جۆراوجۆر لەیەك رۆژنامەدا بدوێنێ"ناتوانرێ لەیەك کاتدا بەئاسانی موخاتەبەی جەماوەرێکی فراوان بکرێت بەهۆی دابەشبوونی جەماوەر بەسەر چەندین توێژو گروپ کە ئاستو جۆری تێڕوانینو مەعریفیان جیاوازە، هەروەها جۆری پێداویستییەکانیشیان جیاوازە، تایبەتمەندبوون بۆتە هۆی دەستەبەرکردنی پێگەیەك بۆ گروپە لۆکاڵو کەمینەکان بۆ دەربڕینی ئەوەی لەناخیاندا هەیە، لەکاتێکدا لەسەرجەمی میدیای گشتیدا ئەمە ئەستەم بوو"[3].

قۆناغەکانی هەڵەمتەی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی.. (ئاسۆی کتێبخانە) بە نموونە

١- گۆڕانکاریی لە زانیاریی تاکەکاندا.

٢- گۆڕانکاریی لە تێگەیشتنی تاکەکاندا.

٣- گۆڕانکاریی لە ئاڕاستەی تاکەکاندا.

پێوانەکانی جەماوەری تایبەتمەند.. خوێنەرانی(ئاسۆی کتێبخانە) بەنموونە

١- چەندێتی: زۆریو کەمیی ئەو جەماوەرە(کارمەندانو خوێندکارانو مامۆستایانی بوارەکە لەکوردستاندا).

٢- چۆنایەتی: ئاستی جەماوەرو بوونی لەسەر نەخشەی کۆمەڵایەتی–کلتوری.

٣- پلەی گونجاندن: توێژی جودانو ئاستی مەعریفییان جیاوازە، بەڵام لە رەگەزو تەمەنو ئاستی بژێویو شوێنی نیشتەجێبوون لەیەك دەچن.

٤- شوێنی ئامادەبوون: واتە بوونی ئەو پانتاییەی کە ئەو راگەیاندنە کاری تێدەکات.

٥- شارەزایی پەیوەندی کردن: شارەزان یان لەسەرەتادان.

خەسڵەتەکانی جەماوەری تایبەتمەند

١- جەماوەرێکی دیاریکراون.

٢- جەماوەرێکی بەرتەسکن.

٣- جەماوەرێکی ناسراون.

٤- جەماوەرێکی تایبەتو پسپۆرن.

٥- جەماوەرێکی جددین.

٦- جەماوەرێکی شارەزانو خاوەن ئەزموونن.

٧- جەماوەرێکی رەخنەگرن.

رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند

ربیع غیس دەڵێ"رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند ئەو رۆژنامانە دەگرێتەوە کە تەنها هونەرێکی دیاریکراوی ژیان لەخۆدەگرنو قسەی لەسەر دەکەن، هەروەها ئەو رۆژنامەنووسییەی ئاخافتنی لەگەڵ دەستەیەك، یان چینێك دەبێت". [4]

دەبێ ئەو کەسەی لەم جۆرە رۆژنامەیەدا کار دەکات، دووخاڵ بکاتە بنەمای کارکردنی:

١- ئامانجی روون بێ.

٢- شارەزای ئەو بوارە بێت کەوا کاری تێدا دەکات.

بابەتی دیاریکراو لە رۆژنامەی تایبەتمەندەکاندا

ئەوانەی وەك بابەت بڵاودەبنەوە لە بڵاوکراوە گشتییەکاندا، مەرج نییە کەسانی تایبەتمەند بیانبینن، یان تینوێتی زانیاریی فێربوونیان تێر بکەن.

بەڵام ئەوانەی لە بڵاوکراوەی تایبەتمەندان، تایبەتن بەخوێنەرانێك کەئاستی روناکبیریو پسپۆرییان مام ناوەندییە، هەربۆیە باشتر سوودیان لێدەبینن.

پایەکانی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند

١- رۆژنامەنووس.

٢- بابەتی رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند.

٣- جەماوەری رۆژنامەنووسیی تایبەتمەند.

ئاسۆی کتێبخانە..چۆن؟

خولاوەیەکی تایبەتمەندە؛ مانگی جارێك لەوادەی خۆیداو لە(١٣)ی هەموو مانگێکدا کە دەکاتە رۆژی دامەزراندنی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی لە (١٩٤٤/١٠/١٣)داو بەستایلی خۆیەوە، قەوارەی تابلۆید(نیو رۆژنامەی ئاسایی) بە ١٢ لاپەڕە، چوار لاپەڕەی رەنگاو رەنگ، تیایدا پڕ لە ژانرە رۆژنامەنووسیەکانی وەك:

هەواڵ، وتاری سەرەکیی، وێنە، ریکلام، ستوون، گۆشە، وتار، لێکۆڵینەوە، وەرگێڕان، دیدار، راپۆرت، ریپۆرتاژ، هەمەڕەنگو تاد...، دەخرێتە بەرچاو.

قەڵەمی جیاواز تیایدا دەنووسن، هەر لەنووسەری گەورەو ناسراوەوە، تا دەگات بە لاوەکان، لە ئەدیبو وەرگێڕەوە تا پسپۆڕو شارەزاو کارمەندانی بواری کتێبخانەو زانیارییەکان.

ئامانجەکانی ئەم بڵاوکراوەیە

بۆ زانیاریی پەیداکردن لەلای:

١- خوێندکارانی بواری کتێبخانەو زانیارییەکان.

٢- کارمەندانی کتێبخانە گشتییەکانو کتێبخانەکانی تری کوردستان.

٣- کتێب دۆستو خوێنەرە جدییەکان.

٤- نووسەرانو مامۆستایان.

٥- خاوەن کتێبخانە تایبەتە دەوڵەمەندەکان.

هەرچۆن دەبێتە سەرچاوەیەکی بەپێز لەبەردەستی توێژەرو خاوەن باسە تایبەتەکان بە بواری زانستی کتێبخانەو زانیارییەکان، لەگەڵ ئەو مامۆستاو کارمەندانەی لەخولی پسپۆریی‌و هونەریی کتێبخانەکاندا دەبنە وانەبێژ..

تایبەتمەندیی(**ئاسۆی کتێبخانە**) لە پێشکەش کردنی بابەتی زانستیو گشتیی نوێدایە بۆ خوێنەرانی، وەك لایەنە تەکنیکیو پراکتیکییەکانی کاری پێڕستو پۆلێنو ببیلۆگرافیاو رێبەرو..تاد؛ لەکتێبخانەکانو سەنتەری زانیارییەکاندا.

هەروەها بەرزراگرتنی کتێبخانە کوردیو جیهانییەکانو ئەو چاپکراوانەی توانیویانە کاریگەریی مێژوویی لەسەر ئادەمیزادو بەپێی قۆناغەکانی گەشەکردن بەجێبهێڵن؛ کە(کتێبە)، هەرچۆن لەسەر پرۆسەی خوێندنەوە ئاوڕی جدیی دراوەتەوە، ئەمە وێڕای پرۆسەی نووسین بەشێوەیەکی گشتیو نووسینو کتێبی کوردیو ئەفراندنەکان بەشێوەیەکی تایبەتی..

کێشەو ئاستەنگەکان

کاتێك، ساڵی پار، لەمانگی تەمموز ئابدا، بیرمان لە بڵاوکراوەیەکی مژدەبەخش کردەوە، بڵاوکراوەیەك نۆبەرە بێت لەم فۆرمە رۆژنامەنووسییەو لەم ناوەرۆکە پڕ لەزانیارییە تایبەتمەندەدا، زانیمان:

١- دابینکردنی بودجەی تێچووی ئامادەکردنو چاپو پاداشتی نووسەرە بەشدارەکان بە بودجەی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی هەڵناسوڕێتو دەبێت هەوڵی تری بۆ بدەین، ئەو هەوڵەش کەم نەبوو!(٣) ژمارەی یەکەمی لەساڵی ٢٠٠٩دا بودجەکەی لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە دابین کراو بۆ(١٢) ژمارەکەی ساڵی ٢٠١٠ رووماں لە کۆمپانیای (**ئاسیا سێڵ**)ناو بەسوپاسەوە بەدەنگمانەوە هاتنو بۆیان دابین کردین.

٢- دڵنیابووین لەوەی کە نووسەری بواری کتێبخانەو زانیارییەکان لەشارەکەماندا لە ژمارەی پەنجەکانی دەست تێپەڕ ناکات، هەروەها هاوکاریشمان لەشارەکانی دیکە دیسانەوە کەم دەبن، لە ئەنجامی پەیوەندیی بەردەوامدا ئەو کێشەیەش چارەسەرکراو بابەتی گرنگ گەیشتنە دەستمان.

٣- ئەمە بێجگە لەگرفتەکانی دیزاینو چاپو وێنەو سەرچاوە پەیداکردن بۆ بڵاوکراوەیەکی نوێو تایبەتمەند، کە لەمەوبەر لەچاپکراوە کوردییەکاندا(بەکتێبو گۆڤارو رۆژنامەوە) لەگەڵ زۆریو گەشاوەیی چاپو تیراژیاندا کەمتر ئاوڕو بایەخیان بە بابەتەکانی زانستی کتێبخانە داوە.

هەنگاوە پێویستەکان

کۆڕایی لەسەر سەرخستنی ئەزموونەکە بووە هەنگاوی یەکەمو خاڵی دەستپێك، سەرەتا دیاریکردنی سەرنووسەرو راوێژکاران‌و ستافی کارا، کە ژمارەیان شەش کەس بوونو دوایی بوونەپێنج کەس؛ گرنگترین هەڵبژاردن بوو، دوو راوێژکاری پسپۆرو خاوەن قەڵەم، لەگەڵ دوو کارمەندی پسپۆر لە دەرچووانی بەشی کتێبخانەکان بۆ ستافی کارا، کە هەرچواریان بوونە خەمخۆری(**ئاسۆی کتێبخانە**) یان، پاشانیش دیزاینەرێکی خاوەن ئەزموونو دوو تایپێستی کاراو وردبین، لەگەڵ بەرپرسێکی کارگێڕیی کە هاوکات سەرپەرشتیاری چاپە.. ئەوان هەموویان بەپشتیوانی(سەرنووسەر)و ژمارەیەك نووسەرو وەرگێڕی بەتوانا توانییان ژمارەکانی ساڵی یەکەمی بسپێرن بە بزاڤی رۆژنامەنووسیی کوردیو ئەرشیفی کتێبخانەکان.

نووسەرانی ئاسۆی کتێبخانە

جێی شانازییە لەسەر لاپەڕەکانی(١٢) ژمارەی پێشووی بڵاوکراوەکە، نووسین‌و وەرگێڕانی قەڵەمی ناسراوی نووسەرانی کوردو پسپۆران بەشداربوون، ئەوانیش:

پرۆفیسۆر د. عیزەدین مستەفا رەسوڵ، د.فەرهاد پیربال، سەردار فەتاح ئەمین (لەهۆڵەنداوە)، بوار نورەدین، ئەنوەر قادر رەشید (لەئەڵمانیاوە)، شێرکۆ بێکەس، مارف ناسراو، مەحمود رەزا ئەمین (دووبارە لە هۆڵەنداوە)، وەهبی رەسوڵ، د. شوان سلێمان یابە، سدیق سالح، ئەحمەد قادر سەعید، حەمە سەعید حەسەن، سیروان رەحیم (لەئەڵمانیاوە)، نەورۆز شەوکەت، لەتیف هەڵمەت، فوئاد عەبدولڕەحمان، ئاسۆ حەسەن، شلێر سالح فەرەج، حەمەسوار عەزیز، دانا عەسکەر، جەزا ئەحمەد قادر، سەمەد ئەحمەد، تاریق جامباز، سەعدوڵڵا نوری، هەڤاڵ ئەبوبەکر، کامیل مەحمود، کامیل محەمەد قەرەداغی، رەووف بێگەرد، محەمەد فەریق حەسەن، سەلاح حەسەن پاڵەوان، محەمەد تاهیر پیران، هەڵگورد عەبدولوەهاب، لەگەڵ بەرهەمەکانی هەریەك لە (سەرنووسەر)و راوێژکارانی بڵاوکراوەکە برایان(شێرزاد سەعید محەمەدو ئاری بابان)و هەردوو ئەندامی ستافی کارا خوشکان(ساکار عەلی عەبدوڵڵاو تابان حەسەن هادی)و کارمەندانی بەڕێزی کتێبخانەی گشتیی سلێمانی(دلێر میرزا، گولستان سەعید، شاهۆ عوسمان، شۆرش ئەمین، ئەکرەم ئەحمەد، یوسف حەمە سەعید، سارا محەمەد، رۆژان سەیفورو محەمەد کەریم) لەگەڵ بەرهەمی نووسەرو رۆژنامەنووسانی ئازیز(بێستون فەرهاد، رێبوار ئەورەحمان، هاونیاز سامی، ڤیان ئەنوەر، حەسەن هەڵەبجەیی، محەمەد مێرگەیی، ئەحمەد محێدین، مەسعود مەلا هەمزە، ئاڤان مەجید، رێبوار ئیدریس، کۆیستان جەمالو ئیدریس محەمەد سادق)..

وێڕای ناوبراوان لە راوێژکارو ستافی کارا، لێرەوە بەگەرمی سوپاسی هەریەك لە کاك ئاشتی دانش لێپرسراوی کارگێڕی بڵاوکراوەکەو مەهدی ئەحمەد دیزاینەرو هەرسێ تایپێستو هەڵەبڕو وردبین (بەیان عەلی محەمەدو بەهرە عیزەدینو رۆژان سەیفور) دەکەین بۆ کاری بەردەوامیان..

سوپاس بۆ هەر خوێنەرێکیش کە نرخاندنی هەبووە بۆ(**ئاسۆی کتێبخانە**)و ئەم ئەزموونەو پێشکەوتنی کتێبخانەکان بە بەشێك لە پێشکەوتنی کۆمەڵگای کوردەواریی دەزانێت.

سەرچاوەکان:

١-د. فاروق محەمەد ئەبو زەید، سەرەتایەك لە زانستی رۆژنامەوانی، و: فەرەیدون رەووف عارف، سلێمانی، ٢٠٠٦، ل/١٨٩.

٢-سەلام نەسرەدین، راگەیاندنی تایبەتمەند، موحازەرەی قۆناغی چوارەمی بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی، ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧/٢٠٠٨، ل/١١.

٣-کاروان عەلی، رۆژنامەگەریی تایبەتمەند، کەرکوك، ٢٠٠٧، ل/٢٢.

٤-د. ادیب خضور، الأعلام المتخصص، دمشق، ٢٠٠٥، ص/٧.